بڕیارێکی حکومی بۆ تەرخانکردنی ٢ ترلیۆن دینار بۆ پاڕێپشتیکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەک دەکات بۆ پەسەندکردنی شایستەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە،بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ پەسەندکردنی خشتەی شایستەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا پەداچوونەوە بۆ وردەکاریە بنچینەییەکانی پرۆژەکان کرا، هەروەها خشتەی کۆتایی بۆ پەدانی (2) ترلیۆن دینار پەسەندکرا بۆ داپۆشینی پرۆژەکانی پلانی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان، بەگوێرەی ئەو بڕیارەی کە پێوەستە بە ئەنجومەنی وەزیران، و لە دانیشتنی بیست و دووەمی ئەمساڵدا دەرچوو، هەروەها (1.4) ترلیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان دابین کرا، و بەپێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانانی ڕاسپارد پەلە بکەن لە ڕێکارەکانی دارایی کردن و خەرجکردن.

هەروەها ئەویش هاتووە ئەم هەنگاوە پابەندبوونی حکومەت پشتڕاست دەکاتەوە بە تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی، کە خەرایی لە جێبەجێکردن و تەواوکردن بەخۆوەدەبینێت، لەسەر بنەمای بەرنامەی حکومەت بە گەشەپێدانی کەرتەکانی وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری ئابوری بەرهەمدار، لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان.